ئاگادارکردنەوە

لە بڵاوبوونەوەی دینی ڕافیزە (شیعە)

لە وڵاتانی موسڵمانان

زانای پایەبەرز

ربيع بن هادي عمير المدخلي

خوای گەورە بیپارێزێت

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن اتبع هداه، أما بعد:□

ئەوەی کەزۆر جێگای داخ و نیگەرانیە ئەوەیە کە مەذهەبی شیعەی ڕافیزی وێرانکەر بوارێکی فراوانیان وەرگرتووە لەبڵاوکردنەوەی مەزهەبەکەیان، بەڵکو لەسەرانسەری وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی بڵاوبونەتەوە، [وەکوردستانی خۆشمان بەداخەوە بەدوورنەبووە لە بڵاوبوونەوەی شیعەگەرێتی تێیدا]، وەبێگومان بەشێوەیەکی چڕ و زۆریش بڵاوبۆتەوە، وە دەسەڵاتدارانی ئێرانیش لەپشت ئەم بڵاوبوونەوەیەن، وەشێخ و مەلاکان ئەوانەی ناحەزی و دوژمنایەتی ئیسلام و حەق و بەتەنها خواپەرستی و ئەهلی ئیسلام و حەق و یەکخواپەرستی دەکەن، وەهەموو هەوڵ و کۆشش و نەفەسێکیان دەخەنەگەڕ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو مەزهەبە (شیعەگەرێتی)، بەشێوەیەکی زۆر پەرۆش و گەرموو گوڕیەکی توندەوە، پیلان و هێلکاری زۆر تۆقینەر دادەنێن بۆ زاڵ بوون و سەیتەرەکردن بەسەر هەموو وڵاتانی ئیسلامی.□

زاڵبوون و سەیتەرکردن بۆ مەزهەبێکی وێرانکەر کەدامەزراوە لەسەر:□

□ کافرکردنی صەحابە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ.□

□ وەڕەت کردنەوەی سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا محمد ﷺ بەبیانووی ئەوەی کەئەم سوننەتە لەڕێگای صەحابە ڕاستگۆ و ئەمینەکانەوە هاتووە بۆمان.□

□ تۆمەتی ئەوەی کەقورئانی پیرۆز دەستکاری کراوە، وەئەو ئایەتانەی کە لەسەر کافر و منافقەکان دابەزیوە ئەوان بەسەر صەحابە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دا جێ بەجێی دەکەن.□

□ ئەو ئایەتانەی کەهەڕەشەن بەئاگر و دۆزەخ بەسەر هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ دا جێ بەجێی دەکەن و وەبەتایبەت أبو بکر و عمر□

□ وەدانانی ئایەتەکانی پیاهەڵدان و موژدەدەرانەی بەبەهەشت بەسەر خۆیان و ئال و بەیت، کەخوای گەورە ئال و بەیتی بەپاك ڕاگرتووە لەوان □ ڕافیزە□، بنچینەی بێباوەڕیەکانیان دامەزراوە لەسەر ئەم جۆرە کوفرە.□

وە هەندێك لەگومڕاییەکانیان: □

هەڵدەستن بەدانانی ئەو ئایاتانەی کەبەڵگەن لەسەر بەتەنها دانانی خوای گەورە لەعیبادەتدا بەسەر پێشەواکانیان، وەکو خوای گەورەدەفەرموێت: ﴿وَقَالَ ٱللَّهُ لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَٰهَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِۖ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ﴾ (النحل:٥١) وەچەندین ئایەتیان لاداوە لەماناکەی خۆی □ بۆ بەرژەوەندی مەزهەبەکەی خۆیان□.

وەهەرکەسێکیش دەیەوێت شارەزای ڕاستی و حەقیقەتی دینیان بێت با سەرچاوە سەرەکیەکانی خۆیان بخوێنێتەوە وەکو: الكافي هی الكليني، وەتەفسیری القمي، وە تەفسیری العياشي، کە بەڕاستی پێش جولەکە ونەصرانیەکان کەوتوونەتەوە لەلادانی ئایەتەکان لەمانای ڕاستیان.

وەلەوانەی کەدڵ پڕبووە لەخەم و پەژارەیەکی زۆر کەوا مەزهەبی شیعەی ڕافیزی وێرانکەر بڵاوبۆتەوە لە جەزائیر، بێگومان خوێندوومانەتەوەو بیستوومانە کەژمارەیەکی زۆری ئەو خەڵکە ئەم بیروباوەڕەی ڕافیزەیان خستۆتە باوەش، وەئەمڕۆکە ژمارەیەکیان لەشاری (قم) ی ڕافیزی دەخوێنن، ئەگەرچی بەگژداچوونەوەیەك هەیە لەلایەن هەندێك لەدەسەڵاتداران و زانایان بەڵام ئەو بەگژداچوونەوەیە لاوازە !، لەکوێیە ئەو غیرەتەی کەداواکراوە بۆ ئیسلام و بەتەنها خواپەرستی التوحيد ؟!، لەکوێیە ئەو غیرەتەی کەداواکراوە بۆ قورئان و سوننەت؟! کوا ئەو غیرەتەی داواکراوە بۆ صەحابەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ؟!

ئەی خەڵکی جەزائیر دەسەڵاتدار و گەل بێگومان بێدەنگیتان لەسەر بڵاوبوونەوەی ئەو دوژمنە و مەزهەبە سوێند بەخوا ئێوە دوا ڕۆژێکی زەرەرمەندتان دەبێ بۆ دین و دنیا و سیاسەت و ئاخیرەتتان لەوکاتەی کەبەپەروەدگارتان دەگەنەوە، لەبەر ئەوەی بێدەنگ بوون لەگەورەترین خراپەکاری وەگەورەترین مەترسی لەسەر دین و دونیاتان.

داوا دەکەم لەخوای گەورە کەوا هەست و عەقڵی موسڵمانان بەئاگا بهێنێتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسیە وێرانکەرە، یەکێك لەگرنگترین شتەکان کەبەرەنگاری دینی شیعە ببینەوە بریتی لەداخستنی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانیان و ماڵپەڕەکانیان و کەناڵەکانیان ئەوانەی کەئەو گومراییانە وخراپەکارییانەیان بڵاودەکەنەوە.

ڕوون کردنەوەی هەندێك لەبنچینەکانی ڕافیزە شیعە:

١ لەبنچینەکانیان: بەکافردانانی صەحابە بەڕێزەکانی پێغەمبەری ﷺ، وەتانەدان و قسە وتن پێیان، وەئەمەش لەڕووخاندنی دینی ئیسلامە، ئەو دینەی کەنازانرێت تەنها لەڕێگای ئەوانەوە نەبێت واتە ئەم دینە لەڕێگای ئەوانە گەیەندراوە بە ئێمە، کە هەڵسان بەگەیاندنی ئەم دینە بەباشترین گەیاندن.

٢ وەلەبنچینەیەکی تر: ئیمامەتی لەلای ئەوان لەبنچینەکانی دینە، وەئەمەش زیادەڕەویە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ بنچینەکانی دینی بۆمان ڕوون کردۆتەوە و ئەو ئیمامەتیەی تێدانیە کەئەوان باسی دەکەن.

٣ وەناسینی دوازدە ئیمامەکان لەلایان لەبنچینەکانی دینە، ئەوەیشی نەیزانێت ئەوا کەسێکی کافرە !

٤ وەپێشەواكان لایان معصوم و پارێزراون لەگوناهـ و تاوان، هەتا لەسەهوو لەبیرچوونەوەش معصومن! وەپێیان وایەكەپێشەواكان فەزڵ و پلەیان زیاترە لەپێغەمبەران!.

٥ وەبیروباوەڕیان بەرامبەر بەپێشەواكان ئەوەیە: كەپێشەواكان غەیب دەزانن و وە كاری هەموو گەردیلەكانی گەردوون بەڕێوە دەبەن كەهەن!!، وەئەوە گەورەترین كوفر و هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوای گەورە، پێشەواكانیان كردووە بەهاوبەشی خوای گەورە لەزانینی غەیب و بەڕێوەبردنی ئەم دونیایە.

٦ بەدرۆ بانگەشەی ئەوە دەكەن كەپێغەمبەری خوا ﷺ خەلافەتی دابێتە خەلیفە علي رضي الله عنه، وەبانگەشە دەكەن كە صەحابە بەڕێزەكان أبو بكر و عمر و عثمان رضي الله عنهم خەلافەتیان لێی داگیر كردووە، وەئەم بانگەشەیەش لەدرۆترینی درۆكانیانە، وەئەوە بنچینەی گومڕاییەكانیانە، وە زوڵم و ستەمیانە لەصەحابە بەڕێزەكان رضي الله عنهم، و تانەدان لێیان و كافركردنیان و لەعنەت كردن لێیان! لعنة الله علیهم.

٧ وەلەخورافات و نوسراوەكانیان ئەوەیەكە: مەهدیەكان هەیە و لەئال و بەیتەو چاوەڕوانی ئەو دەكەن، وە ئەو زیاتر لەهەزار و دوو سەد ساڵ (١٢٠٠) لەسەردابە، وەبانگەشەی ئەوەدەكەن كە ئەمە ئیمامی دوازدەمیانە، كەهەربوونی نیە! بەڵكو هەر لەدایك نەبووە ئەم مهدیە!، بەڵام ئەم مهدیەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ باسی كردووە حەقە وڕاستە، بەڵام ئەوەنیە كە شیعەكان بەگومانی خۆیان بانگەشەی بۆدەكەن، وەلەنوسراوەكانیان هاتووە لەموسى بن جعفر (١٨٣هـ وەفاتی كردووە) یەكێكە لەپێشەواكانی ڕافیزە بەگومانی خۆیان، كەلەسەردەمی ئەو مهدی نەبووە، دەڵێت: (إن تعیشوا فاستدركونه)!!. واتە: ئەگەر بژین پێی دەگەن!، ١٢٤٩ ساڵ بەسەر ئەم پەیمانە تێپەڕیوە و كەچی هێشتا پێی نەگەیشتوون!!! ئەوە بەڵگەیە لەسەر درۆی ئەوان، وەدرۆ دەكەن بەدەمی موسى بن جعفر.

٨ وەلەبنچیەكانیان: باوەڕبوونیان بەگەڕانەوەیان بۆ دونیا دوای مردنیان، وەئەوەیشی بڕوای پێ نەبێت و كافرە، ئالوسی دەڵێت: (مەزهەبی ئەهلی سوننە بڕوایان وایە كەمردووان ناگەڕێنەوە بۆ دونیا پێش قیامەت دوای مردنیان، بەڵام ئیمامیەكان گشتیان و هەروەها هەندێكیش لەگروپەكانی تری ڕافیزە بڕوایان بەگەڕانەوەی هەندێك لەمردووان هەیە بۆ دونیا پێش قیامەت، وە واگومان دەبەن بەگومانی خۆیان كەپێغەمبەری خوا ﷺ، لەگەڵ خەلیفە علي رضي الله عنه، و لەگەڵ دوو كوڕەكەی حسن و حسین رضي الله عنهما لەگەڵ دوژمن و نەیارەكانیان واتە: سێ خەلیفەكە: أبو بكر و عمر و عثمان رضي الله عنهم، و معاویة و یزید بن معاویة و مروان و ابن زیاد و لەوانە دەگەڕێنەوە دونیا،

وەهەروەها پێشەواکانیانی تر و بکوژەکانیان زیندوو دەکرێنەوە ودەگەڕینەوە بۆ دونیا پاش هاتنی مهدی □ بەگومانی خۆیان □، دەگەڕێنەوە بۆ دونیا بۆ سزادان و کوشتنی هەرکەسێك کە زوڵم و ستەمی لێیان کردبێت پێش هاتنی دەجال، پاشان دەمرنەوە، پاشان زیندوودەکرێنەوە لەڕۆژی قیامەت. فقاتل الله الراوفض.□

٩□ وەلەبناغەی بیروباوەڕیان: بانگەشەیان لەسەر صەحابەبەڕێزەکان، بەوەی کەئەوان دەستکاری قورئانیان کردبێت، حاشا لەصەحابە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ و خوای گەورەلێیان ڕازیە، حاشا لەوان کەدەستکاری و زیاد و کەمیان لەقورئانی پیرۆز کردبێت، حاشا لەوەی کەیەك وشەیان لادابێت لەکتێبی خوای گەورە کەقورئانە، بەڵکو ئەوانەی دەستکاری قورئان دەکەن و زیاد و کەمی دەکەن ئەوەڕافیزەن □ شیعەکانن□.□

زۆرترین لادانی وشەکانی قورئانیان کردووەو واتاکانیان لاداوە لەواتای ڕاستەقینە، وەئایاتەکانی پەیمان و هەڕەشەیان لاداوە بەوەی ئایاتی پەیمان جێ بەجێ دەکەن لەسەر پێشەواکانیان، وەئایاتی هەڕەشە وسزا جێ بەجێ دەکەن لەسەر صەحابەبەڕیزەکان، وەئەو ئایاتانەی کەدابەزیون لەسەر کافرەکان و مونافیقەکان ئەوان لەسەر صەحابە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دا جێ بەجێی دەکەن، کە لەڕاستیدا ڕافیزەکان □ شیعەکان □ شایستەی ئەوەن کەوا بەر ئایاتی هەڕەشەو سزا بکەون و ئایاتی کافر و مونافیقەکانیان لەسەر جێ بەجێ بکرێت.□

١٠□ وەلەگەورەترین بنچینەکانیان بریتی لە: درۆ کردن و شاردنەوەی ڕاستی (التقية)، لایان لەنۆ لەسەر دەی دینە، وەکەسێك دینی نیە ئەگەر درۆی نەبێت، وەئەم بیرباوەڕە دەدەنەپاڵ (أبو جعفر) کەوتویەتی:(أبى الله عزوجل لنا ولكم في دينه إلا التقية)، واتە: خوای گەورە شتێکی لەئێمەو ئێوە ناوێت لەم دینە تەنها توقیە نەبێت.□

وەدەدەنەوە پاڵی کەوتبێتی: (التقية من ديني ودين آبائي ولا إيمان لمن لا تقية له).□

واتە: توقیەلەدینی منە، وەلەدینی باب وباپیرانمە، ئیمانی نیە ئەو کەسەی کەبڕوای بەتوقیە نەبێت.□

١١□ وەلەدینیان: بنیادتنانی بینا لەسەر گۆڕ و ڕازاندنەوەو سەردانیی کردنیانی بەتایبەتی گۆری پێشەواکانیان، وەتەواف کردن بەدەوری قەبردا، وەداوای یارمەتی کردن لێیان و پێدانی بەشێك لەسوود و دەستکەوتووی ماڵ و سامان پێیان، وەنەزرکردن و خۆ نزیك کردنەوە لەوانەی کەچاودێرن بەسەر گۆڕەکان، بێگومان ئەم کردەوانە لەگەورەترینی جۆرەکانی شیرکە.

١٢ وەلەگرنگترین کارەکانی دینیان بریتی لە: زەواجی موتعە (نكاح المتعة)، پێغەمبەری خوا ﷺ سەرەتا ڕێگەی پێدا لەکاتی پێویستی و تەنگانەدا پاشان خوای گەورە حوکمەی هەڵگرتەوە لەسەر زمانی پێغەمبەری خوا ﷺ واتەحەڕامی کرد، وە لەوانەی کەحەڕامێتی زەواجی موتعە دەگێرنەوە خەلیفە علي یە رضي الله عنه، کەچی ڕافیزەکان شیعەکان هەر حەڵاڵی دەکەن و وەچەندین قسە دەگێرنەوە لەباسی پاداشتی زەواجی موتعە، گێرانەوەیەك کەشەرع و عەقڵ ڕەتیان کردۆتەوە.

بۆ نمونە دەڵێن: هەرکەسێك موتعە لەگەڵ ئافرەتێکی باوەڕدار بکات وەکو ئەوە وایە کەحەفتا جار سەردانی کەعبەی کردبێت!، وەیان دەڵێن: الصدوق و لەالصادق دەگێڕێتەوە کەوتویەتی: موتعە دینی من و باب وباپیرانمە، هەرکەسێك کاری پێ بکات کاری بەدینی ئێمە کردووە، وە هەرکەسێك ڕێگری لێ بکات ڕێگری لەدینی ئێمەکردووە، وەباوەڕی بەجگە لەدینی ئێمە هەیە.

وە زەواجی موتعە بەمشێوەیە لایان لەگەورەترین بنچینەکانی دینەو وازلهێنەرەکەشی کافر دەکەن! واتە هەرکەسێك موتعە نەکا کافرەلایان!.

وەهەندێك گێڕانەوەیان هەیە کەدەڵێن:(هەرکەسێك جارێك موتعەبکات پلەکەی وەکو پلەی حسین وایە علیه السلام!، هەرکەسێك دووجار موتعە بکات، پلەکەی وەکو پلەی حسن وایە علیه السلام، هەرکەسێك سێ جار موتعە بکات، پلەکەی وەکو پلەی علي وایە علیه السلام، هەرکەسێك چوار جار موتعە بکات، پلەکەی وەکو پلەی من وایە! واتە وەکو پلەی پێغەمبەری خوایە ﷺ نعوذ بالله.

ڕستەی (علیه السلام) لەلێکدانەوەی شیعەکانە، بەڵکو ڕاست ئەوەیە کەبەیەکێك بوترێت: ئەگەر صەحابە بێت بوترێت (رضي الله عنه)، وەئەگەر لەشوێنکەوتوانی صەحابە بێت بوترێت (رحمه الله تعالى).

ئەمە سەرنجێکی کورت بوو سەبارەت بەدینی ڕافیزە شیعە ئەگەرنا کوفریات و بیروباوەڕە بۆگەنەکانیان چەندین کتێب پڕدەکەنەوە[1].

وآخر دعوانا أن الحمدُ لله رب العالمين، والصلاة والسَّلام على نبيِّنا محمد ﷺ وعلى آله وصحبه أجمعين

نوسینی: ربیع بن هادي عمیر المدخلي

٢١ / جمادي الآخرة / ١٤٣٢ هـ

---

(١) ئەم نامیلکەیەك بەردەست هی زانای پایەبەرز شێخ ربیع بن هادی المدخلیە بەناونیشانی (انتشار دين الروافض في الجزائر و غيرها من بلاد المسلمين)، ئەم قسانەی نێوان ئەم دوو کەوانە [ ] لەزیادکراوی وەرگێرە.